www.kurdistannet.org
5-7-2006 2:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## هەڵەبجەیان شەرمەزار کرد

ڕۆژی 28ی ئەم مانگە وەفدێک بەناوی نوێنەرانی خەڵکی هەڵەبجە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەشداری کردووە لە یادی ساڵرۆژی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت کە لە بەرواری 28-6-1987 بەدەستی ڕژێمی سەدام ئەنجام درا. دواتر نوێنەرەکەی شاری هەلەبجە دیداریان لەگەڵ هەریەک لە نوێنەرانی تایبەتی و ڕاوێژکاری ئاغای مەتەقەی و عەباسی سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژاد کۆبونەتەوە و کۆمەڵێک داخوازیان بۆ سەرۆکی ئێران ناردووە.

چاک دەست خۆشی لەو وەفدە دەکرد ئەگەر تە نها لە گەڵ قوربانیان و خەلکی شاری سەردەشت دیدارو کۆبونەوەیان بکردایە و دیاری حکومە تی کوردستانیان بۆیان ببردایە، بەڵام نامە ناردن و دیدار لەگەڵ نوێنەری یەکێک لەتاوانبارانی سەرەکی گەلەکەمان بێگومان ڕیسوا دەکەین. ئاشکرایە ئەحمەدی نەژاد دەستی بەخوێنی هەزاران شەهیدی کوردستان و لە نێویاندا گەورەترین سەرکردەی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا سورە.

پیمان وایە ئەم شیوە مامەڵانەی بەناو وەفدی هەڵەبجە پەیوەندی دانیشتوانی دوو شاری کیمیابارانکراو و جەرگبڕاوی کوردستان بەهێز ناکات، بگرە ساردی و گومان لەنێوانیاندا دروست دەکات. چونکە دانیشتن لەگەل نوێنەرانی تاوانبارێکی وەک ئەحمەدی نەژاد هەستی کوردانی ڕۆژهەلات بریندارتر دەکات، کە مخابن لە 15 سالی ڕابردودا لەئاخافتن و دیدارەکانی نوێنەرانی دەسەلاتدارانی کوردی و ئێران، دەسەلاتدارانی کوردی زۆرجار بەشان و باڵی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان هەڵداوە. دڵنیاین ئەگەر سەرکردایەتی بەشەکانی تری کوردستان هەمان مامەڵەیان لەگەڵ ڕژیمێکی وەک بەعس بکردایە، زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لێدەگرتن و ئیستاش قیزیان لێ دەکرایەوە.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچیت ئەگەر حکومەتی عێراق کیمیابارانی هەڵەبجەی کردبێت، ئەوا سوپای پاسداران بێتاوان نەبووە و ئەوان شارەکەیان تاڵان کرد.

هەموو کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان ڕۆژی 16-3 دەرژێنە سەر شەقامەکان بۆ دەرخستنی هاوپشتی خۆیان لەگەڵ قوربانیانی شاری هەڵەبجە، کەچی مەخابن ئەم بەناو نوێنەرانەی خەڵکی شاری هەڵەبجە لەگەڵ بکوژانی گەلەکەمان دادەنیشن، ئەوانە پیرۆزی هەڵەبجە دەدۆڕێنن و شەرمەزاری دەکەن.

بۆیە چاک هیوا خوازە لەمەودوا ڕێز لە هەستی کوردی بەشەکانی تر بگیرێت، ئاخافتن و دیداریش لەسەر حسابی قوربانیان، لەگەڵ بەرپرسانی داگیرکەرانی کوردستان کە دەستیان بەخوێنی خەڵکی کوردستان سورە، ڕیسوا دەکەین. بەردەوامیش بین لە دژایەتی ئەوانەی دەڵێن " نامانەوێت پەرلەمان بمانخنە سەر ئێران".

**ناوەندی چاک**
http://pukmedia. com/kn-htm/Kn23. htm